نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێزان:

– مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان

– نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

– سەرۆ قادر بەرپرسی دەزگای گوڵان

– ئازاد عەبدولواحید بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری ڕامان

بەڕێزان پاش سڵاوێکی گەرم. . .

لێرەدا بە پێویستی نازانم باس لە شێوەکانی تیرۆر بکەم، چونکە لەچەند نووسینێکدا لەم ڕووەوە قسەی خۆم کردووەو ترسناکترین تیرۆریشم بە تیرۆری فیکری ناوزەند کردووە.

ناوەڕۆکی ئەم نامەیەش، کە بۆ بەڕێزتانی دەنووسم هەڵگری مانایەکە لەمانای شێوازێك لە شێوازەکانی تیرۆر، کە دەرهەق بە نووسەران دەکرێن. من بۆ خۆم لەوەتەی دەستم داوەتە نووسن، لەو کاتەوەی قەڵەم بووە بەو هێزەی، کە دەتوانم لەرێگەیەوە وەك مرۆڤێکی هۆشیار ڕاستییەکان ڕوونبکەمەوەو ڕای خۆم دەرببڕم تووشی چەندان دەردەسەری هاتووم، بێئەوەی ڕق یا کینەیەکم بەرامبەر هیچ کەس یا لایەن و گروپێك هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە ئەو وتە بووە بە جیهانبینی و هزری من (کاتێك ژیان بەشی خۆشەویستی ناکات، ئەی چۆن دەتوانم بیر لە کینە بکەمەوە) بەڵام بەداخەوە هەموو شتەکان بە پێچەوانەی خواستی من کەوتنەوە.

پێش ساڵێك لە ڕێگای پۆستی ئەلەکترۆنی (مایل) بە چەند نامەیەکی ڤیرۆس هەڵگر کۆمپیوتەرەکەم وێران کراو هەرچی نووسینم هەبوو هەموو تیا چوون، زۆر لە نووسەران و ڕوناکبیران، کە پەیوەندیم لەگەڵیاندا هەیە ئاگادارن. ئەمەش بۆ من وەك کارێکی ئاسایی تێپەڕی ئەگەرچی زۆری ئازاردام، لەبەر ئەوەی ئەوانەی کۆمپیوتەر بەکاردەهێنن زۆر ئاساییە توشی ئەو جۆرە حاڵەتانە ببن، بەڵام نائاساییەکە لەوەدایە، کە ئەو جۆرە نامانە ببن بە هێرش دژی کەسانێك، کە خۆیان مەبەستیانە. مەبەستی سەرەکیشم ئەو چەند نامەیە لەم چەند ڕۆژەی ڕابووردودا بەناوو ئەدرەسی جیاواز بەدەستم گەیشتن، کە بووە هۆی تێکدانی کۆمپیوتەرەکەم و هەرچی نووسینم هەبوون بەتایبەتی چوار کتێبی ئامادە بۆ چاپ، کە دەکرێت بە موڵکی کتێبخانەی کوردی بزانرایە تیا چوون جگە لەو هەموو گوتارو ڕەخنەو بابەتی وەرگێڕانە، ئەمەش وای لەمن کرد، کەچیتر بێدەنگ نەبم و بەدوای سەرچاوەی ئەو جێگانەدا بگەڕێم، کە نامەکانی لێوە هاتووە، بەڵام بە (هەزارداخەوە) سەرچاوەی نامەکان لە دەزگای گوڵان و لە ژێر ئەدرەسی گۆڤاری ڕامانەوە دەرچوون، کە زۆر چاوەنواڕ نەکراوە !.

لێرەدا من ئەم نامە دەنووسم و ئێوەی بەڕێز ئاگاداردەکەمەوە، کە لەو کێشەیە بکۆڵنەوە بۆ ئەوەی ئەگەر بەهەڵەکراوە یا هەڵەی تەکنیکە یا دەزگای گوڵان بەتایبەتی ڕامان لەو کارە ئاگادار نییە ڕاگەیاندنێك بڵاوبکەنەوە، چونکە من مافی خۆمە وەك بەرگری ئەم کێشەیە بەرمە بەر دادگاو پۆلیسی ئەڵمانیا، لەبەر

www.kurdistannet.org
14/06/2002 20:21

ئەوەی کارێکی تیرۆریستانەیە و پێش ساڵێك لە ئاستی جیهاندا پۆستێکی ئەلەکترۆنی لەژێرناوی ( I Love You) بڵاوکرایەوەو زیانێکی گەورەی بە دەزگا حکومییەکانی جیهان گەیاند، بۆیە ئەم جۆرە کارانە وەك کاری تیرۆر دەناسرێت، ئیتر چی لە ئاستی تاك یا گروپ و دەوڵەتدا بێت.

لە دوا وتەیشمدا من ئەوەندە هەڵەشە و نەزان نیم، کە لەخۆمەوە هیچ کەسێك تاوانبار بکەم، ئەگەر سەرچاوەیەکی ڕاست ودروست لەبەردەستمدا نەبێت، بۆیە دەشێت، کەسێکی ناحەزی پارتی دیموکراتی کوردستان و من، لەڕێگای هاکەرزەوە پاسپۆرتی دەزگاکەتانی دزیبێت و لەو ڕێگایەوە کاری تیرۆرانە ئەنجام بدات بۆ ناشیرینکردنی دەزگاکەو پارتەکەتان.

چاوەڕوانی وەڵامتانم

هەرسەرکەوتوو بن یاسین بانیخێلانی

٢٠٠٢\٦\١٤

هایدلبێرگ

<u>**تێبینی**</u>

دوو نامەی کۆتایی لە :

١٢\٦\ ٢٠٠٢ واتە چوارشەمە لەژێر ئەم ئەدرەسەدا هاتووە (sckurde@wanadoo. fr)

٢٠٠٢\٦\١٣ واتە پێنج شەمە لەگەڵ لاپەڕیەکی هەفتانامەی گوڵان بە سیستەمی (PDF) (ئابووری– سەندیکای ئابووریناس و ڕای گشتی– حەسەن جەباری) ژمارە (٣٧١) (٢٠٠٢\٢\٢٨) لە ژێر ئەم ئەدرەسەدا هاتووە (sero@fir. dk)

ئەگەر پێشتان خۆش بێت ئەوا من پرۆتۆکۆل و کۆدی نامەکانم هەموو بە دەست گەیشتووە، کە لەم ڕێگەوە هاتوون: (raman@gulan-media. net)